# بێباوەڕان بەئاین و کۆنگرەیەکی جیهانی لەدژی ئاینەکان لەپاریس

لەژیر دروشمی، " ئەی بێدینانی جیهان یەکگرن !" لەکۆتایی مانگی 6، لەپاریس، پایتەختی فەرەنسا ژمارەیەکی بەرچاو لەئاتەئیستەکانی –ملحد- جیهان لەولاتانی رۆژهەلات ورۆژئاوا، کۆنگرەیەکی جیهانیان سازدا. مەبەست لەم کۆنگرەیە دارشتنی بەرنامەیەك بوو بۆ راوەستانەوە بەدژی ئاین و ئەوانەی دەیانەویت ئاین لەگەل سیاسەتدا تیکەل بکەن، هەروەها بۆ داکۆکیکردن لەبنەماکانی سکولاریزم لەدنیادا قسەوباسی هەمەلایەنە پیشکەشکراو پاشان ئەنجامگیری عەمەلیان لێبەدەستهینرا. ئەم کۆنگرەیە کەهاوکات بوو لەگەل تیپەربوونی سەدسال بەسەر دەرچوونی یاسای جیاکردنەوەی دین لەدەولەت کەلەفەرەنسا پەسەندکراو پاشان پەیرەوی لیکرا، گەرەکی بوو لەبەرامبەر پەلاماری ئاینەکان بەتایبەتی ئاینی ئیسلام و مەسیحی و جولەکە و ئەوانیتر لەدنیادا رابووەستی و ئالای بیدینی و ئازادی بوون و نەبوونی ئاین بۆهەر ئینسانیك هەلبری.

لەم کۆنگرەیەدا چەندین کەسایەتی لەولاتانی جۆراوجۆر بەپیشکەشکردنی باس و ئەتروحە بەشداریانکرد. "رۆی براون" سەرۆکی یەکیتی بیدینانی جیهانی ووتی"بەهۆی رۆچوونی دەولەتی ئەمریکا بەرەو دەولەتیکی ئاینی و هاوکات بەهۆی ئەو مەترسیاسەنەوە کەتوندرەوی ئاینی لەهەموو کیشوەرەکانی جیهاندا بۆسەر چارەنوسی کۆمەلگا پیکیان هیناوە، ئەم کۆنگرەیە بۆ هەلویستگرتن سازدەدەین". ئەم یەکیتیە بەهاوکاری لەگەل لیژنەیەکی فەرەنسایی بەناوی"لیژنەی بیری لیبرالیزم" کە چەتریکە بۆ کۆبوونەوەی بیرمەندانی لیبرالیزمی جیهانی و نزیکەی 95 ریکخراو لە 35 ولاتدا ئەندامن تیایدا بەرنامەریژی ئەم کۆنگرەیەیان لەئەستۆگرتووە. "بابۆ جۆجینی" کەسایەتی بیدینی ناسراو لەهندستان وبەریوەبری یەکێتی بیدینانی جیهانی لەم کۆنگرەیەدا بزوتنەوەی منەوەرانی سەدەی بیستەمی هەلسەنگاند ولەبارەی فەیلەسوفانیکی وەك ڤۆلتیر، دیدرۆ، تۆم بین، دیڤید هیۆم، و ئەوانی ترەوە قسەی کرد وچووە سەر ئەوەی کە "جیاکردنەوەی دین لەدەولەت مەسەلەیەکی گرنگە و پەیوەندی بەئازادی ویژدانەوە هەیە لەهەموو شوینیك". پاشان جۆجینی ئاماژەی بەوەدا کە ئاین لەم سالانەی دوایدا خۆی خزاندۆتە نیو دەولەت ویاساکانەوە لەوانە هندستان، روسیا، سلوفاکیا، پاکستان، بەنگەلادیش، بەریتانیا، و ئەمریکا.

هاروەها بیدینان لەم کۆنگرەیەدا تووشی راچلەکین هاتن لەبارەی دەوری "شیتانەی راگەیاندنەوە" کە لەسەروبەندی مەرگی پاپا یۆحەنا پۆلسدا لەخۆی نیشانداو هاوکات تەئکیدیشیان لەو سەرکەوتنە کردەوە کەلە کەمپینیکدا بۆ رەتکردنەوەی ئاماژەپیدانی ئاین لەدەستووری ئەوروپای یەکگرتوودا بەدەستیان هیناوە.

لەم کۆنگرەیەدا بیدینانی ئەمریکایی رایان گەیاند کە توندرەوە مەسیحیەکانی ئەمریکا بوونەتە پالپشتی جۆرج بۆش ولەهەولدان بۆفراوانکردنەوەی دەورونفوزی ئاینی مەسیحی لەنیو قوتابخانەو تاقیگا زانستیەکان وتەنانەت موزەخانە ناودارەکانی ئەمریکا. کۆنگرە ئەم هەولانەی مەحکومکردو رایگەیان کە ئەم هەولانە نەك هەر بۆ دژایەتی هەلگرانی باوەری ئاینەکانی ترە بەلکو بۆ هینانەدی ئەحزابیکی ئاینیە کەدەسەلات دەگرن بەدەستەوە وئەمەش ئەو مەترسیەیە کە کۆمەلگای ئەمریکا دەلەرزینی.

هەروەها بیدینانی بریتانیایی پیداگربوون لەسەر ئەوەی کەسەرۆك وەزیرانی بریتانیا "تۆنی بلیر" کە هاوپەیمانیکی سەرەکی بۆش بوو لەشەریدا لەدژی عیراق بەیەکیك لەو سەرۆکانە دادەنری کەزۆرترین هەولیداوە بۆ هاندانی ئاینی و ئەوەی بلاوکردۆتەوە کە تیۆری "داروین" لەبارەی پەیدابوون و گەشەوە، هەلەیە.

بەلام بیدینانی تازەدەرکەوتوو لە ولاتانی ئەفریقا بەتایبەتی نوسەرانی ناوداری نەیجیری وەك "وول سۆینکا، والکینی نجۆجی، ئاسیۆنجۆ" کەپیرەوانی فەلسەفەی ئینسانین ئەوەیان ئاشکراکرد کە بیباوەریی بە ئاین تاوانە لەولاتی نەیجیریادا و لەگەل توندترین سزا بەرەوروو دەبێتەوە، لەکاتیکدا کە توندرەوە ئیسلامی و مەسیحیەکان خەریکی زۆرانبازین لەسەر کورسیەکانی دەسەلات لەم ولاتەدا... نوسەری بیدینی بەناوبانگ "ئایجوی" لەووتاریکدا ووتی کە بناغەکانی سکولاریزم لەنیجیریا بەتەواوی روو لەداخورانە و وولات بەتەواوی کەوتۆتە نیو تاریکستانیکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقیەوە. لەلایەکی ترەوە بلاوکراوەی "فۆکاس ئاون ئەفریکانا" کەلەلەندەن لەچاپ دەدری ئەوەی ئاشکراکردووە کەئەو بزوتنەوە مەسیحیانەی لایەنگری بریتانیان بە هاوکاری ئەمریکا خەریکن سەرتاپای کیشوەری ئەفریقا دەخەنە ژیر کاریگەری خۆیانەوە .. ئەمە هەولیکی سیاسیە کە پیشتر لەوولاتانی ئەمریکای لاتین بەدەستەوە گیراوە و ئیستاش گەرەکیانە وولاتانی ئەفریقای پی داپۆشن. گۆرانی بیژی بەناوبانگی ئەفریقایی "کوانۆر ئەکۆمی" لەمبارەوە ووتی کە"ئاینەکان هیندەی زەوی ولاتانیان داگیر کردووە چەند جار زیاتر ئەقلی خەلکیان بردووە"

"ئینایانارستی" بیدین، لەهندستانیش لەقسەوباسیکیدا ووتی کەدەولەتی هیندستان بەزمانی سکولاریزم دەدوی بەلام بەکردەوە لەنیو جەمسەرەکانی شەری نیوان ئاینی هندۆس و ئیسلامدایە و زۆرتر کەسایەتیە ئاینیەکان بەرجەستەدەکاتەوە و گرنگی بە بۆنە ئاینیەکان دەدات تەنانەت لە ویلایەتی کیلاریا بەپارەوپولی دەولەت بۆنە ئاینیەکان ریکدەخریت.

لەروسیاش بیدینەکان ئەوەیان تەئکیدکرد کە حکومەتی پۆتین کە هیشتا لەژیر یاساکانی کۆمۆنیزمدایە بەلام ریگەی داوە بە ئاینی مەسیحی وکەنیسەکانی ئەرسەدۆکس تا دەسەلات پەیدابکەن لەکۆمەلگادا. فالیری کۆفاین مامۆستای فەلسەفە لەرووسیا بەم دواییانە هەلمەتیکی بیدینی بەدژی سیاسەتەکانی حکومەتی پۆتین بەری خستووە و داوای کردووە کە فەلسەفەی ئینسانی شوینی ئاینەکان لە زانکۆدا بگریتەوە.

ئیبن وەراق کە پیشینەی موسولمانیتی هەیە و کارشوناسی ئاینە رۆژ هەلاتیەکانە باسی لەوەکرد کەبێباوەران و بێدینەکان لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە"کافر" ناودەبرین و سزای ئیعدام دەدری بەسەریاندا بۆنمونە تەسلیمە نەسرین بەهۆی باوەرە سکولاریستیەکانیەوە بوو کە لەولاتی خۆی دەریانکرد. ..

سەرەنجام کۆنگرەی پاریس لەدریژەی کاروبارەکانی خۆیدا ئالای دنیای مادی وخۆشبەختی لەبەرامبەر دنیای وەهم و خورافەی ئاینەکاندا هەلبری و پەیامی ئەوەیدا کە رزگای کۆمەلگاو بەشەریەت لە کوشتارو دەمارگیری و تیرۆریزم وفەسادی فکری بەندە بەرزگاری مرۆڤ وئەقلی ئینسانی لە چنگی ئاینەکان. لەمبارەشەوە گەرانەوە بۆ ئەقلی ئینسانی وسکولاریزم ریگایەکە کەدەبی دەولەتان ودەسەلاتدارانی پیوەپەیوەستبکری. .کەوایە بیدینانی جیهان یەکگرن!

لەهەوالنیری "رۆیتەرز"ەوە وەرگیراوە.